**بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**بابەت/ پڕۆژە یاسا**

**سڵاو و ڕێز..**

ئێمە ئەندامانی پەرلەمان کە لە خوارەوە واژومان کردووە پڕۆژە یاسایەکمان گەڵاڵە کردووە بە ناوی ( پڕۆژە یاسای پاراستنی پیرۆزییە ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان) تکایە بخرێتە بەرنامەی کاری کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان:

١- د. بشير خليل حداد

٢- بيار نجم الدين

٣- سيروە عبيد الله اسماعيل

٤- گلی زار قادر اسماعيل

٥- عبدالرحمن حسين ابابكر

٦-

٧- صباح محمد نجيب برزنجي

٨- حازم تحسين سعيد

٩- د.جوان اسماعيل بنيامين

١٠- ئارام قادر

١١- يادرو خورشيد عثمان

١٢- د. أحمد ورتي

١٣- برهان رشيد

# پرۆژە یاسای پاراستنی پیرۆزیە ئایینیەکان لە هەرێمی کوردستان

## ماددەی یەکەم:

سوکایەتی بە خوا (جل جلالە) وپیغەمبەران (سەلامی خودایان لەسەر ) وە قورئانی پیرۆزو کتێبە ئاسمانیەکان تاوانە لەلایەن هەر کەس و لایەن و دەزگایەکەوە بێت , و بە ئازادی رادەربڕین دانانرێت.

## ماددەی دووەم:

ئەم کردەوانە بە سوکایەتی کردن بە پیرۆزیەکان دادەنرێن:

١. جوێندان و گاڵتەکردن بە خودای گەورە.

٢.جوێندان و گاڵتەکردن و سووك باسکردن و وێنەی ناشایستەکردنی پێغەمبەران.

٣.سوتاندن و دڕاندن و فڕێدانی قورئان و کتێبە ئاسمانیەکان بەکارهێنانی ناوەڕۆکەکانیان بە ناشیاوی.

٤.بەکارهێنانی پەڕەکانی قورئان و ناوەڕۆکەکەی بە مەبەستی خراپ بۆ کاڵا بازرگانیەکان .

٥.هاوردەکردن و فرۆشتنی کاڵای بازرگانی کە بێڕێزی بەرامبەر خوا و پێغەمبەران وکتێبە ئاسمانیەکان تێدابێت.

٦.هەر کەسێك دەستدرێژی بکاتە سەر شوێنێك تایبەت کرا بێت بە خواپەرستی یەکێك لە ئایینەکان.

٧.هەر کەسێك گاڵتە یان جوێن بدات بە یەکێك لە دروشمە ئایینیەکان.

## ماددەی سێیەم:

هەرکەسێك یەکێ لەم تاوانانەی ماددەی (٣) ئەنجام بدات سزا دەدرێت بە زیندانی کە لە (٥)پێنج ساڵ کەمتر نەبێت ولە(١٠) ساڵ زیاتر نەبێت و بە غەرامەیەك کە لە ١٠ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە ٥٠ ملیۆن زیاتر نەبێت .

**ماددەی چوارەم:**

هەر هۆیەکی راگەیاندن ئەم کردەوانەی ماددەی (٣) بلاوبکاتەوە دادەخرێت بۆماوەیك لە یەك سالّ زیاتر نەبێت ولە شەش مانگ کەمتر نەبێت لەگەلّ غەرامەیەك کە لە ١٠ ملیۆن دینار کەمتر نەبێت و لە ٥٠ ملیۆن زیاتر نەبێت .

**مادەەی پێنجەم:**

لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکانە کە رێنمایی پێویست دەر بکات بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە.

**ماددەی شەشەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونی لە رۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان.

**هۆکارەکانی دەرچوون:**

لە پێناو پاراستنی رێز لە بەها ئاینیەکان لە سوکایەتی پێکردن و پاراستنی ئاشتی کۆمەلاّیەتی وخراپ بەکارنەهێنانی ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی رادەربرین ، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.